Research Center

# هەڵبژاردنی داهاتوو؛ دوودڵیی دەنگدەر و ئەنجامی چاوەڕواننەکراو

10-08-2023

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** بێشک ئەو هەموو مشتومڕەی کە لە چوارچێوەی سوڵحی ساردی نێوان پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە بابەتێکی فرەڕەهەندە. لە دوای نەوەدەکانەوە، ئەوکاتەی کە نەزمی جیهانی لە دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤێتی جاران، روخساری جیهانی داهاتووی وێنا دەکردەوە، شەڕی نێوخۆیی کورد بابەتێک بوو کە بە کەڵکی بەشێک لە هێزە ناوچەییەکان دەهات کە ئەویش لە دوای یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن روویدا.

بێشک ئەو هەموو مشتومڕەی کە لە چوارچێوەی سوڵحی ساردی نێوان پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیە بابەتێکی فرەڕەهەندە. لە دوای نەوەدەکانەوە، ئەوکاتەی کە نەزمی جیهانی لە دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤێتی جاران، روخساری جیهانی داهاتووی وێنا دەکردەوە، شەڕی نێوخۆیی کورد بابەتێک بوو کە بە کەڵکی بەشێک لە هێزە ناوچەییەکان دەهات کە ئەویش لە دوای یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن روویدا. ئێستاش کاتێک لە پەنجەرەی هاوکێشەکانی هێزداری لەنێوخۆی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە سەیر بکەیت، ئەویش لەم وەختانەدا کە عێراق خەریکە خۆی دەگرێتەوە و، بەرەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەڕوات کە چاوەڕوان دەکرێت، گەرێکی دیکەی ململانێی نێوخۆیی شیعە دەستپێبکات، ئەنجامدانی هەڵبژاردن و سازشی نێوخۆیی کورد بابەتێک نییە کە بە کەڵکی گەلێک لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی بێت. پێدەچێ ئەوەش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردن کەوتە ساڵی داهاتوو. هەڵبەت ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لە بنەڕەتدا بەشێکی لایەنەکانیش نایانەوێ جارێ هەڵبژاردن بکرێت. لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، لە کۆتاییەکانی حوزەیران - تەممووزی ئەمساڵ چووینە لای ئەڵقە فەرامۆشکراوەکەی ئەم بابەتە: خەڵک! راپرسییەکمان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا کرد کە تێیدا لە 402 شوێنی جیاوازدا، بەشێوەی راستەوخۆ-هەڕەمەکی رای 2412 کەسمان سەبارەت بە پرسەکانی هەڵبژاردن وەرگرت. وەڵامی بەشداربووانی راپرسییەکەش سەرەداوی گرنگمان دەدەنێ لەبارەی ئەوەی کە بۆچی هەڵبژاردن ئەم هەموو مشتومڕەی لەسەرە.

## ئەنجامی چاوەڕواننەکراو؟

بەپێی ئەم راپرسییە، چەند هۆکارێک هەن بۆئەوەی کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو، شتی چاوەڕواننەکراوی تیدا بێت. لە هەڵبژاردنی 2018ـی پەرلەمانی کوردستان دا، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە 3085461 هەژمار کراوە. کۆمیسیۆن باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش بۆ ساڵی 2021، ئەو ژمارەیەی بە 3227551 کەس داناوە و بۆ ئێستاش، باس لە 3641000 دەنگدەر دەکات کە بێگومان لەکاتی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دا، کە بەپێی دوایین فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیارە لە 25ـی شوباتی 2024دا بکرێت، ئەو ژمارەیە زیاتریش دەبێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەم ژمارانەی ئێستاش بە بنەما وەربگرین، ئەوسا سەرووی 400 هەزار دەنگدەری نوێ لە هەرێمی کوردستان هەن کە پێدەچێت بۆ ساڵی 2024 زیاتربێت و، تاوەکو 500-600 هەزار کەسێک هەڵبکشێت. ٪61ـی ئەو بەشداربووانەی کە بۆ یەکەمجارە مافی بەشداریکردنیان دەبێت و تەمەنیان لەنێوان 18-22ساڵیدایە، گوتوویانە کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەپێی ئەنجامەکان، هەرچی گرووپەکانی تەمەن بەرەو هەڵکشان دەڕوات خواستی بەشداری کەمدەبێتەوە و، ئەوەش لە گرووپی 60+ساڵدا دەگاتە 17%، لە راپرسییەکی پێشووی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداویشدا لەبارەی گەنجان کە لە حوزەیرانی ئەمساڵدا کرابوو، خواستی بەشداری لەنێوان گەنجانی 15-29 ساڵ 72% بوو، دیارە ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، چونکە تەمەنی هەندێکیان بەشی ئەوە ناکات. زۆرترین دەنگەکانی ئەوانەی بۆ یەکەمجار دەنگدەدەن، بۆ پارتی، نەوەی نوێ ئینجا یەکێتی دەڕوات. ئەمە شتێکی سەیر نییە کاتێک کە بزانین زۆرترین رێژەی گەنج لە هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک و هەولێردایە و، خواستی بەشداریکردن لە ناوەندی شارە گەورەکان کەمترە تاوەکو شارنیشنی دەورووبەر و گوندەکان. هەروەها بەرزترین خواستی بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردن، بەپێی ریزبەندی لە سۆران، زاخۆ، هەولێر و دهۆك بووە و کەمترینەکانیش لە راپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان و سلێمانی بووە. بێشک، براوەی یەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەوانەن کە دەنگ نادەن، ئەگەر ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان 3641000 کەس بێت، ژمارەی ئەم بەشە، لە سەرووی یەك ملیۆن و 400 هەزار دەنگدەرە کە بەڕێژەی 39.7%ـی دەنگدەران دەبێت، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ هەڵبژاردن لە هەگبەدا بێت، دوو گرووپی دیکەن: ئەوانەی کە نایانەوێ دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن. بە واتایێک دەنگدەری خۆڵەمێشی و ئەوانەن کە بە بەتاڵی دەنگدەدەن کە ئەگەر هەیە تا دواساتەکانیش رای خۆیان بگۆڕن. هەردووکیشیان پێکەوە، 32.9%ـی دەنگدەران پێکدەهێنن. بەپێی ئەنجامەکان، بەڕێژەی 29.2%دەنگدەری خۆڵەمێشی هەیە کە دەوری 641092 دەنگدەر دەکات و، 3.7%یش بە بەتاڵی دەنگدەدەن کە 81234 دەنگدەر دەکات. بەرزترین رێژەی ئەم دەنگدەرانە بەپێی ریزبەندی لە سلێمانی 55.1%، هەڵەبجە 53.1%، راپەڕین 49.1% و هەولێر 26.4% بووە. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە ئەگەر دەنگی یەکەم لە شوێنەکانی وەك دهۆك، زاخۆ و سۆران هەر لە ئێستاوە دیاربێت، ئەوا دەنگی یەکەم لە سلێمانی، گەرمیان، راپەڕین و هەڵەبجە بە دەستی دەنگدەرانی خۆڵەمێشی یەکلادەبێتەوە. وەک چۆن مەزەندە دەکرێت زۆربەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان دەنگی تۆراوی لایەنەکانی دەرەوەی هەردوو پارتە سەرەکییەکە بن، چاوەڕوانیش ناکرێت ئەو دەنگانە هی پارتی و یەکێتی بن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو دەنگانە بۆ کوێ دەڕون؟ لەوانەیە دواجار بەسەر حیزب و لایەنەکانی دیکە دابەش دەبێتەوە یان بۆ حیزب و لایەنێکی نوێ بڕوات و بەوەش دۆخێکی هاوشێوەی 2009 دووبارە بێتەوە. هەڵبەت بە پێچەوانەی 2009، پێدەچێت ئەولەویەتی خەڵک، ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و هەر ئەوەش وایکردبێت کە دەنگدەر زیاتر دوودڵ بێت. بابەتەکانی وەك گرنگیدان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەڕێژەی 56.7%، دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەڕێژەی 41.8%، گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە بە 39.8% و نەهێشتنی گەندەڵی بەڕێژەی 34.2%، لە ریزی ئەو بابەتە سەرەکییانەن کە دەنگدەران دەیانەوێ لایەنی براوە بایەخیان پێبدات. لە بەرامبەردا، ئازادیی بیروڕا بەڕێژەی 2.6% و سەقامگیریی سیاسی بەڕێژەی

5.2% لایەنداری هەبووە. ئەمەش دەریدەخات کە ئەولەویەتەکانی دەنگدەر زیاتر بابەتە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانە نەک بابەتەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و ئازادییەکان. هەرئەوەش دەتوانێت بەشێکی ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، تەنیا دەنگی پارتی و یەکێتی زیاد بکات، بەڵام پاییزی لایەنەکانی دیکە بەرێگەوە بێت و ئەگەری دەرکەوتنی لایەنێکی دیکەش بەهێز بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرترین ڕێژەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن، هەروەها زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان ئاشکرا ناکەن لەو شوێنانەن کە پێشتر لایەنەکانی دیکە تێیدا بەهێز بوون. 59.3% لە سلێمانی، 59% لە گەرمیان،56.7٪ لە هەڵەبجە و 42.1% لە ڕاپەڕین، گوتوویانە بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن. ئەو ڕێژەیە لە هەولێر 35.7%، لە سۆران 33% لە دهۆک 25.7% و لە زاخۆش 6.8% بووە.

## کۆتایی

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو کە لە ڕۆژانی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە،57.7٪ـی ئەو دەنگدەرانەی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، زیاتر لە مانگێك پێش لە ڕۆژی هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێك بدەن و ئەوەش دەتوانێت کاریگەریی جەمسەربەندییە سیاسییەکان لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دەربخات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی بەرچاو هەیە کە دوودڵە و بەشداری ناکات. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەوانەی کە بەشداری ناکەن، دەنگدەری خۆڵەمێشین و بە بەتاڵی دەنگدەدەن، ڕێژەی هەرە زۆری دەنگدەرانن 39.7%ـی هاونیشتمانییان بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، 29.2%ـی ئەوانەش کە بەشداری دەکەن دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن و 3.7%یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. مەزەندە دەکرێت ژمارەی هەموو ئەمانە پێکەوە، دەوری 2167252 کەس بن. ئەمەش وادەکات کە ئەگەری ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنی داهاتوو شتێکی دوورنەبێت.